نوسینگەی سیستانی پەشوازیکردنی سەرکی لوبنان لەسەردانە چاوەڕوانکراوەکەی بە عەراق ڕەتدەکاتەوە

سەرچاوەیەکی نزیک لە نوسینگەی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی مەرجەعی گەورە ئەمڕۆ پەنجشەممە ئاشکرای کرد، کەناوبراو داوایەکی بە دیدار لەگەڵ جەزف عەون سەرکی لوبنان ڕەتکردەوە، کە بەنیازە لە چەند هەفتەی داهاتوودا سەردانی عەراق بکات.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیە، "نوسینگەی سیستانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاگادارکردەتەوە کە هیچ نیازێک نییە پەشوازی لە سەرکی لوبنان بکات، بەبێ ئەوەی هەکاری پشت ئەم بیارە ئاشکرا بکات".

ڕۆژنامەی ئەخباری لوبنانی پەشتر ئەگەری دیداری ئایەتوڵڵا سیستانی و سەرکی لوبنان لە سەردانەکەی داهاتووی لوبنان بەاوی کردەوە، ئەمەش وایکردبوو کە قسە و باسێکی بەرفراوانی میدیاکان سەبارەت بە پاڵنەرەکانی پشت سەردانەکە و ئەو پرسانەی کە ڕەنگە وروژێنن، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزییەکانی دیمەنی سیاسی لوبنان.

سەردانەکانی بەرپرسانی لوبنان بە عەراق تاادەیەک دەگمێنن، لە کاتکدا ئایەتوڵڵا سیستانی مەرجەعی گەورە ڕەزی لەدەگیرەت هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوەی عەراق، دیدارەکانی لەگەڵ کەسایەتییە فەرمییەکان لە ڕادەبەدەر دەگمێنن و گرنگییەکی ڕەمزی بەرچاویان هەیە کاتێک ڕوودەدەن.